# گەڕان بە شوێن فەرهەنگی



# مادەکاندا



**برایم فەرشی**



2705 ئاڵمان

**پێشەکی**

**چیرۆک و بەیتگەلی داستانی**

چیرۆکی زەحاک

چیرۆکی ئاستیاک

چیرۆکی ئاستیاک

**سەما ، موسیقا و شانۆ**

موسیقا

مانی پەیامبەر و موسیقا

مەزدەک و موسیقا

ژنان و موسیقا

سەما و گۆرانی

موسیقا و عەبباسیەکان

یەکەم شانۆی ئایینی

ناوەرۆک و تێم بۆ شانۆ

شانۆ و فەلسەفە و ئێران

تالاری شانۆ

تەماشاخانە

**(جەژن و بۆنەکان**

ئاوری نەورۆز

جەژنی سەدە

جەژنی خوای ئاو و باران

کۆسە

کۆسەی فارس

کۆسەی کۆن و نوێ

**هونەری میعماری**

هونەر

هونەرەکانی جوان لای مادەکان

نەخشینەکانی مادی

سەرکۆڵەکەکانی ماد

میعماری

**وێژەران و شایەرانی(گەڕۆک)**

شایەر و وێژەر

بنەمای حەماسەکان

ڕێزگرتن

پاش سلوکیەکان

کارتێکردنی گشتی

کار و پیشە

گیڕانەوەی شەڕ

وێژەرانی ئایینی

شاعیر

هاتوچوی وێژەرو بەیت بێژ و گۆرانی بێژان

**ڕێ و ڕەسمەکان**

**ئاناهیتا و مادەکان**

تێکشکانی میترایسم

ڕێ و ڕەسمی مێترا لای ئەهلی حەق

داب و نەریتی یۆنان لە ناو پارتەکاندا

ڕێ و ڕەسمی دەربارەکان

جل و بەرگ

کارتێکردنی ماد لە سەر یۆنان

کارتێکردنی یۆنان لە سەر پارسەکان

منالانی پارس و شیعرەکانی هۆمێر

**مادکوژی و مغکوژی بە دەستی پارسەکان**

داریوش و مادەکان

کوشتاری مغەکانی ماد بە دەستی پارسەکان

کوشتاری مغەکان

مغەکان کێن؟

## پێشەکی

نەتەوەیەک کە بە درێژایی چەند هەزارساڵ فەرهەنگی دزرابێ یان شێوێندرابێ، دەبێ گەلێک پرسیاری لا دروست ببێ. پرسیاری ئەوەی فەرهەنگی ئەمرۆی سەری بە کوێوەیە؟ ئایا کورد لە درێژایی مێژوودا خاوەنی فەرهەنگی تایبەت بەخۆی بووە؟ یان بەستراوە بە فەرهەنگی نەتەوەکانی تر بووە؟ ئایا فڕیدانی ئایینی خۆیی لە لایەن بنەچەکی کوردانەوە و خۆ بە ئایینی غەیرەوە هەڵواسین و کەسایەتی ئایینی خۆ گووم کردن بە هەڵکەوت بووە؟ یان یەکیک لە بنەما تایبەتیەکانی کەسایەتی نەمەیووی کورد بووە؟! ئایا خۆ دزینەوە لە تاریفکردن و خۆماناکردنەوە لە لایان کوردانەوە، بەشێک لە کەسایەتی مرۆڤی کوردە کە خۆی دان بە کەسایەتی تەواوی نەتەوەی خۆیدا نانێ؟! من پێم وایە ئێمە دەبێ وڵامی ئەم پرسیارانە و گەڵێک پرسیاری تر زۆر بە روونی بدینەوە. من پێم وایە فەرهەنگ و ئایین و باوەڕ و فکر و تێڕوانینی ئێمە بە قەرز وەرگیراوە و سەرجەم سیاسەت و هونەر و خۆماناکردنەوەمان دورە لە راستی خۆمان و مێژوومان. هەتا ئەو کاتەی سنورەکانی خۆمان لە هەموو ئەو بوارانەدا دیاری نەکەین نە سیاسەتمان و نەهونەر و نە باوەڕ و نە لایەنەکانی تری ژیانمان هیٔ خۆمان نیە و بە سەرفەرازی راستەقینەش ناگەین، کە خۆمان خۆمان بین. هەر بۆیە گەڕان بە شوێن خۆماندا کارێکی گرینگە کە دەبێ بە شێوەیەکی سیستیماتیک لە ڕێگای دەزگاگەلی تایبەتەوە ئەنجام بدرێ.

گەلێک لە شارەزایان و پسپۆڕانی جیهان بنەچەکی کوردەکانی ئەمڕۆ بۆ مادەکان دەگەڕینەوە. ئەوەی چەندە فەرهەنگ و داب و نەریت و زمان و ئایین و ئەدەبیات و هونەری ئەمرۆی کوردەکان بۆ مادەکان دەگەڕێتەوە، پێویستی بە لێکۆلینەوە و تۆژینەوەی هەمە لایەن هەیە.

فەرهەنگ و زمان و ئایین و جل و بەرگ و هونەر و داب و نەریت و سەرجەم رێ و ڕەسمەکانی ژیانی مرۆڤی کورد لە سەردەمی ئەمڕۆدا، فرە توخمی و فرە ڕەگەزی دەنوێنی، کە هەمووی لە ژێر ناوی کورد دا وەرگیراوە. هۆی ئەم فرە چەشنەبوونە نابێ لە باری سیاسی و پارچەبوونی کوردستاندا گرد و کۆبکرێتەوە. لە بەر ئەوە ئەم فرەچەشن بوونە لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا هەیە و دابڕانی سیاسی و جوغرافی هۆی سەرەکی دروست بوونی نیە. خوێندنەوەی مێژووی کۆن دەریدەخات کە فرەچەشنی لە سەر دەمی ماد و بەر لە ماد و پاش ئەوانیش لەو شوێنانە کە مادی کۆن و کوردی ئەمڕۆی تێدا ژیاون و دەژین هەبووە و ئەمڕۆش هەیە. لە گەڵ مادەکان هۆز و خەڵکانی تر ژیاون کە ئەمڕۆ ناویان نەماوە، بەڵام ئایا ڕەگەز و توخمەکانی زمان و فەرهەنگ و ئایین و داب و نەریت و شارستانیەتیان بە تەواوی لە ناوچووە؟ یان لە ناو زمان و فەرهەنگ و ئایینی زاڵدا(لە وانە مادەکان) لە فۆرم و شێوەی تردا درێژەی بە ژیانی خۆی داوە!

ژیانی مرۆڤ لە هیچ سەردەمێکدا بە تەواوی بە شێوەی مۆنۆ کولتور، زمان و ئایین و مۆنۆ گاد{گۆت، خوا، خودی} بەڕێوە نەچووە و ئێستاش بەڕێوە ناچێ. سەرنجدان لەو گێرانەوە مێژوویە کە لە خوارەوە دێت ڕەنگە وڵامی گەلێک پرسیار لە خۆ بگرێ و ڕەنگە پەیامێکیش بێت بۆ ئەو کەسانە کە پێیان وایە گلۆبالیسم دیاردەی سەردەمی ئێمەیە!

جیهانی کۆن لە چەند ئیمپراتوری پێک دەهات کە یەکیان مادەکان بوون کە تێکەل فەرهەنگەکانی تر بوون و خەڵکانی تریش تێکەڵ فەرهەنگی ئەوان بوون، ئەم پێوەندیە ئاسایی و ئینسانیە نەپچڕاوە، بەڵام ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە کە دەبێ باس و لێکۆلینەوەی لە سەر بکرێ. یەکیک لە دەرسە گرینگەکانی خوێندنەوەی ئەو مێژووە ئەوەیە کە "ماد"ەکان پاش تێکشکانی

ئێمپراتوری ماد لە لایەک خۆیان پاراستوە و لە لایەکی تر خۆیان زیاتر گووم کردوە. دیاردەیەک کە ئەمڕۆش لە هەموو بەستێنێکدا، بە تایبەت لە بەستێنی سیاسی و فەرهەنگی و زمانی و هونەری و بیروباوەڕدا درێژەی هەیە.
کورد لە سەردەمی ئەمڕۆدا تەنیا لە دوو بەستێندا ڕووی سەربەخۆ و دیاری ڕەگەزی خۆی هەیە، یەکەم جل و بەرگ و دووهەم موسیقا، کە هەرکام لەوانەش کەوتوونەتە بەر هێرشی خودی و لاوەکی.
سەردەمی گلۆبالیسمی سەدەی 21 و هەبوونی مێدیاکانی ئاسمانی کورد، هاوکاتە لە گەڵ مردنی بەشێکی بەرچاو لە فەرهەنگ و هونەر و ئەدەبی زارەکی ئێمە. بنەمای هونەر و ئەدەبیات و موسیقای کلاسیکی هەموو نەتەوەکانی سەر گۆی زەوی هونەر و ئەدەبی زارەکی بووە. ئەگەر پرۆژە و پلانی جدی بۆ پاراستن و پێشخستنی ئەم سامانە نەتەوایەتیە بە پێی پێداوێستیەکانی سەردەم لە ئارادا نەبێ، هەناسەمان لە بواری فەرهەنگ و هونەردا سوار دەبێ و دوچاری نەخۆشیگەلی کۆمەڵایەتی دەبین. بەڵگەش ئەم زنجیرە وتارەیە کە ساڵی 1995 هەتا 1998 نووسراوە و بۆ یەکەمجار بە زمانی کوردی وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی بە بێ لێکدانەوە بڵاودەکرێتەوە.

## <u>چیرۆک و بەیتگەلی داستانی</u>

پەرویز خانلەری لە زمانی"دنیون"ەوە دەگێڕەتەوە کە" شاعیرانێ لە دەرباری شاکانی ماد دا بووگن کە بابەتی شیعرەکانی خۆیان لە گێڕانەوەکانی میللیەوە وەردەگرتووە. کۆمەڵێک چیرۆک(حەکایەت) و ئەفسانەی دەورەی مادەکان لە نووسراوەکانی مێژوونووسانی یۆنانیدا هاتووە  کە لە ڕێگای ئەم چیرۆکانەوە پەی بەوە دەبەین کە <u>لە زەمانی مادەکاندا داستان و بەیت گەلی داستانی(مەنزومەگەل)</u> هەبوون."[(1)]

### چیرۆکی زەحاک

"مرداس" کوڕێکی دەبێ ئازا و چالاک بە ناوی زەحاک، ئەهریمن لە روالەتی کەسیکی دەرباریدا لێی پەیدا دەبێ و هەڵیدەفریونێ. لاوی سادە و ساکار سوێند دەخوات کە هیچکات وتەکانی ئەهریمەن نەدرکێنی و هەردەم ئەمری بەجێ بهێنێ.
ئەهریمەن لە جیهانی دیارونادیاردا هێز دەدات بە زەحاک بۆ گەیشتن بە پاشایەتی. زەحاکی فریودراو باوکی خۆی دەکوژێ و تەختی پاشایەتی داگیر دەکات. ئەهریمەن لە روالەتی ئاشپەزێکدا گۆشت دەرخواردی زەحاک دەدات کە تا ئەو کاتە مرۆڤ نەیخواردووە و گیاخۆر بووە. پاشان بە زمان لوسی هەر دووک شانی ماچ دەکات کە لە جێی ماچەکان دوو مار دەروێن.

---

*(1) ئەم چیرۆکە وەک گەلێک گێرانەوەی تر زار و زار گێردراوەتەوە هەتا سەردەمی هرۆدۆت. هەر وەها ئاگادارین کە کاتاکانی زەردەشت زار و زار گوێزراوەتەوە هەتا سەردەمی هەخامەنشیەکان. جگە لەوە زۆربەی زۆری وتەکانی ناو کتێبە ئایینیەکان بە هەمان شێوە زارو زار هاتوون، زیاتر لەوە ئەدەبیاتی کۆنی هەموو نەتەوەکانی جیهان هەر بەو شێوەیە کراونەتە ئەدەبیاتی نووسراو. لێرەوە دەبێ بە وردی سەرنج بدەینە ئەدەبیاتی زارەکی کورد کە ئەدەبیاتی رەسەنی کورد لە خۆیدا دەگرێ.*

## چیرۆکی ئاستیاک

**هرۆدۆت لە گێڕانەوەی ئەفسانەئامێزی خۆیدا ئاوا دەبێژێ:**

**ئاستیاگ کچێکی هەبوو بە ناوی "ماندانا"[2]، ئەو شەوێک لە خەوا بینی کە لە ناوگەڵی کچەکەیەوە ئاوێکی زۆر بە خوڕ لە ڕێ دایە کە شارەکەی ئەو و سەرتاسەری ئاسیای گرتۆتەوە. گێڕانەوەی خەوەکەی لە"مغەکان" پرسی و لە لێکدانەوەی خەوەکە تووشی ترس و خۆف هات، کە مەبادا بە دەستی منداڵی کچەکەی خۆی لە تەختی پاشایەتی بکێشرێتە خوارەوە، هەر بۆیە کچەکەی نەدا بە کەسێکە لە ناودارانی ماد بەڵکو دای بە کەسێکی پارس بە ناوی کەمبوجیە کە تەنانەت هاوشانی کەسانی مامناوەندی چینی مومتازی ماد بە ژمار نەدەهات. کمبوجیە ماندانای برد بۆ ناو پارسەکان. لەم بەینەدا ئاستیاک دیسان خەونێکی تری بینی کە لە زگی کچەکیدا دار ڕەزێک شین بووە و سێبەری خستۆتە سەر هەموو ئاسیا. گێڕانەوە و لێکدانەوەی خەوەکە ترسناک بوو. کچە دووگیانەکەی هێنایەوە دەرباری خۆی و بۆ پێشگرتن لەم کارەساتە، نەوەکەی خۆی کورشی تازە لە دایک بووی دایە دەست هارپاک کە یەکێک لە راوێشکارانی جێگای متمانەی بوو و داوای لێکرد نەوەکەی سەربەنیست بکات. هارپاک نەیدەویست دەستی خۆی بە خوێنی تفلێک ئالودە بکات، هەر بۆیە مندالەکەی ئەسپاردە شوانێک بە ناوی میهرداد و ژنەکەی بە ناوی"ئاسپاکو" کە بە وتەی هرۆدۆت ئەم وشەیە لە زمانی مادیدا بە مانای سەگ هاتووە و ئەوەش بنەمای پەیدابوونی <u>ئەفسانەی پەروەردەبوونی "کورش"ە بە دەستی سەگ و یا گورگ.</u>[3]{ئەم چیرۆکە دەربازبوونی گیانی فەریدون، مرسی و سارگونی ئاکدی لە هەزارەی سێهەمی بەر لە زایین وەبیر دەهێنێتەوە}**

**کاتێک کورش بوو بە دەساڵان، پێش هاتنی کارەساتێک رازی ئەو بۆ ئاستیاک ئاشکرا دەکات. ئاستیاک سەرپێچی هارپاکی بە خواردنی گۆشتی کوڕەکەی وڵام دایەوە. ئاستیاک لە سەر ئامۆژگاری موغەکان لە کوشتنی کورش خۆی دەپارێزێ و رەوانەی وڵاتی پارسی دەکات. کاتێک کورش گەیشتە تەمەنی لاویەتی بە فیتی هارپاک لە دژی ئاستیاک راست دەبێتەوە، هارپاک کە لەو شەڕەدا فەرماندەری سپای ئاستیاکی لە ئەستۆ بوو، بوو بە هۆی تێکشکانی سپاکەو پاشان تێکەڵ سپای کورش بوو. ئاستیاک لە شەڕێکی تر لە گەڵ کورش دا تێکشکا و بە دیل گیرا. پاش ئەوەی ئاستیاک کەوتە بەندەوە، هارپاک دەچێتە سەردانی بە تەوسەوە لێی دەپرسێ کە حاڵی چۆنە؟ ئاستیاک لێی دەپرسێ کە ئایا ئەو پیلانگێری کارەکانی "کورش" ە؟ کاتێک وڵامی بەڵی ئەژنەوێ، دەڵێ:" تۆ نەتەنیا چەپەڵترین بەڵکو نەفامترین مرۆڤی، نەفامی لەبەر ئەوە تۆ دەتوانی خۆت ببێیە دەستەڵاتدار، لێبەڵی ئەم پاشایەتیەت پێشکەشی خەڵکانی تر کرد.چەپەڵی لە بەر ئەوەی لە پای خواردنی شامێکی تاڵ، مادەکانت دابەزاندە پلەی دیلی و ژێرچەپۆکی.**

---

*(2) نووسەری ئەم دێرانەش بە کەڵک وەرگرتن لە چیرۆکی ماندانا، شانۆنامەیەکی بە ناوی"ماندانا" نووسیوە کە ساڵی 1997 لە دەرهێنانی جاسم ئینسان و دەورگێرانی سولەیمان فەرشی و ئینگە ئینسان لە کۆڵن لە لایەن ناوەندی شانۆی کۆچەرەوە پێشکەش کرا.*

*(3) مێژووی ئەم دەورەیەی یۆنان پریەتی لە سووک و چرووک نیشاندانی پارسەکان(فارسەکان)، نووسەران و درامانووسانی یۆنانی بە تایبەت لە شانۆنامەکاندا ئەنگوست دەخەنە سەر گەندەڵی فکری و ئیداری و مەملەکەتداری هەخامەنشیەکان و لە شانۆنامەی پارسەکاندا و بە فراوانی ئەم گەندەڵیە نیشان دەدەن.*

ئەگەریش حەزت لەوە بوو کە کەسێکی دی تاج و تەختی پاشایەتی لە سەر نێت، بریا لە جیاتی کەسێکی پارتی ئەسپاردبات بە کەسێکی مادی، چونکە ئەوانەی کە پلەی فەرمانڕەواییان هەبوو، ئێستا کەوتونەتە زیللەت و دیلیەوە و پارسەکان کە لە ژێر فەرمانڕەوایی مادەکاندا بوون، گەیشتونەتە شانازی و سەروەری. "مێژووی ئازەربایجان لاپەرەی 292"

**چیرۆکی ئاستیاک**

هورۆدۆت دەڵێ:
ئاستیاگ پادشای مادەکان خەون دەبێنێ کە لە زگی کچەکەیدا(ماندانا) داریک رواوە کە هەموو ئاسیای تەنیوەتەوە. ئەمر دەکات منداڵی کچەکەی(کورش) بکوژن. هارپاگ سەرداری شا لە جیاتی ئەمری شا منداڵەکە دەسپێریتە شوانیک و منداڵی مردوی ژنەش نیشانی شا دەدەن. بەلام پاشان کورش گەورە دەبێ و ئاستیاگ پێی خۆشحاڵ دەبێ، بەلام بۆ تەنبێ کردنی هارپاگ کە ئەمری بەجێ نەگەیاندوە لە شامێکدا گۆشتی منداڵی خۆی دەرخوارد دەدەن و لە کاتی خواردندا <u>کەلەسەر و دەست و پێی منداڵەکەی لە سەوەتەیەکدا</u> لە بەر دەمی دادەنین. بە دیتنی ئەمە هارپاگ لە هۆش دەچێ. هارپاگ پاشان بە هاوکاری کورش تەخت و بەختی پاشایەتی ماد تێک دەشکێنن و پارت جێگەی ماد دەگرێتەوە.

## <u>(جەژن و بۆنەکان</u>

**ئاوری نەورۆز**

ڕێ و رەسمەکانی بۆنەکانی گشتی شارستانیەتی کۆن وەک جەژنەکان بریتین لە: ئاورکردنەوە، لە شەوی نەورۆزدا (کە رەنگە هەر هەمان ئاوری نەورۆزی ئێستا بێت، کە لە چوارشەممە قوڵەدا دەکرێتەوە)، ئاو بە یەکترداکردن، رازاندنەوەی ماڵەکان، بەخشینی شەکر و شیرنی بە یەکتر،سەوزکردنی دانەوێڵە، بەرپاکردنی جەژن و شادی، بوونی موسیقا و ئاهەنگ و گۆرانی نەورۆزی، سازی نەورۆز، بای نەورۆز، نەورۆزی مەزن، نەورۆزە گچکە،نۆبەهاری و رێ ورەسمەکانی جەمشیدی.

**جەژنی سەدە**

جەژنی سەدە لە سەرەتای چلە چکۆلە و 100 رۆژ پاش دەستپێکردنی زستان و لە دەی رێبەنداندا، بەرێوە چووە و هاورێ بووە لە گەڵ کردنەوەی ئاور و گۆرانی چرین و هەڵپەرکێ و هەڵفراندنی باڵندە بۆ ناو گری ئاگر.

**جەژنی خوای ئاو و باران**

ئابریزگان لە رۆژی 13ی مانگی پووشپەر تایبەت بووە بە رۆژی نیایش کردنی ناهید(خوای ئاو و باران) بۆ داواکردنی ئاو و باران. زۆربەی ژنان لەم رێ و رەسمەدا بەشداریان کردوە. دەگێرنەوە لە سەردەمی فیرۆز پاشای ساسانیدا پاش ئەوەی دوای چەند ساڵ وشکساڵی، باران باریوە خەڵک کردویانەتە بەزم و شادی و ئاویان پرژاندۆتە یەکتر. رێ و رەسمی گوڵاو پرژاندن بە سەر یەکتردا لەو رۆژەوە بۆتە باو. (زین ئەلئەخبار لاپەرە 247– مێژووی ئەزەربایجان لاپەرە 727)

**کۆسه**

**رۆژی هەوەڵی مانگی سەرماوەز لە ئێران و عێراق||کوردستان||کۆسە سواری یەستر ئەبێت، ئەمە تەنیا لە عێراق و ئێران باوە||لە کوردستان هەر لە کۆنەوە بووە|| و لە شام و جەزیرە و میسر و یەمەن باو نیە. تا چەند رۆژ گوێز و سیر و گۆشتی قەڵەو و خواردنی گەرم و خۆاردنەوەی گەرماهێنەر و دژ بەسەرما دەخۆن و دەخۆنەوە و وادەنوێنن کە بەم چەشنە سەرما وەدەردەنێن و ئاوی ساردی بە ملدا دەکێشن و هەست بە ئازار ناکەن و بە زمانی فارسی بە دەنگی بەرز ئێژن گەرما گەرما و ئەوەش رۆژی جەژنی عەجەمانە||کوردیش هەر بە عەجەم دادندرێت|| کە دەبێتە جەژن و شادی.** (مروج الزەهەب ج.ا. لاپەرەی 728 –مێژووی ئازەربایجان لاپەرە554)

**کۆسەی فارس**

**رۆژی هەوەڵی مانگی سەرماوەز رۆژی "هورموزە" و ئەم رۆژە رۆژی سواری کۆسەیە و ئەوەش نەریتێکی باوە، کۆسەی پێکەنین هێنەر لەم رۆژەدا سواری کەرێک دەبێ و رەسمێکە تایبەت بە خەڵکی فارس||رەنگە کوردیش بە فارس داندرابێ|| و ئەو رۆژە بە هۆی کەم و کورتی کەبیسە و هاتنی سەرماوەیە، ئەم کۆسەیە قوماش بە دەور خۆیدا دەهاڵێنێ و جل و بەرگی کۆنە لەبەر دەکات بۆ ئەوە لە خەڵکی دی جیا بکرێتەوە، کۆسە خواردنی گەرم دەخوات و خواردنەوەی گەرماهێنەر دەخواتەوە و بۆ پێشگرتن لە سەرما لەشی خۆی بە رۆن دادەماڵی و چەوری دەکات.پاشان باوەشێنێک ئەگرێتە دەست و خۆی باوەشێن دەکات و خەڵک پێی پێدەکەنن و ئاوی پێدا دەکەن و بەفر و سەهۆڵی تێدەگرن،ئەو لە خەڵکی دارا و ئەشراف خەڵات وەردەگرێ. لە سەردەمی ئێمەدا ئەم رەسمە لە شیراز و هێندێک شارەکانی فارس باوە، کۆسە بۆ ئەم کارە دەبێ باج بە دەوڵەت بدات.** (ئاسار ئەلباتیە لاپەرەێ 342 ئەبو رەیحان بیرونی–مێژووی مازەربایجان لاپەرەی 729)

**کۆسەی کۆن و نوێ**

**ئەگەر جل و بەرگ و خۆرازاندنەوەی کۆسەی کۆن و کۆسەکانی ئەمرۆ بەراوەرد بکەین هاوچاشنی فرە دەبینین– چەشنی سەیر و سەمەرە و قەڵافەتی کۆسە و شیوەی خۆجوانکردن و جل و بەرگ و پێکەنین هێنەر و ترسناک بوون،هاوچەشنی کۆسەی کۆن و نوێ دەگەینێ.**

(ئەنجەوی شیرازی – مێژووی ئازەربایجان لاپەرە 730)

---

ئەم رێ و ڕەسمە ئێستاش لە کوردستان لە شێوەی رێ و ڕەسمی بووکەبارانەدا ماوەتەوە. نووسەری ئەم دێڕانە چەشنەکانی کۆسە و کۆسە بەبە و کۆسەگەردی و وشکەڕنی لە شانۆنامەی "زەویدا" بەکار هێناوە کە لە 1996 بە بەشداری شانۆگێرانی ناوەندی شانۆی کۆچەر لە ئاڵمان پێشکەش کراوە. هەروەها لە "کتێبی رێ و شوێنی شانۆی کورد لە کۆندا" پێشینەی ئەم رێ و رەسمە شانۆییەی باس کراوە.

## وێژەران و شایەرانی دەوەرەگەرد(گەڕۆک)

دەبیرانی پاریزگاری هونەری بێگانە نووسین، ئەویش لە ریگای زمانێکی مردووە، ناچارکرا بوون لە گەڵ هلێنیسم پێوەندی پەیدا بکەن. لە بەرانبەر ئەم تاقمەدا وێژران و شایەرانی گەرۆک هەبوون کە کۆنترین پیشەی ناوچەی خۆیان هەبووە بۆ بەربەرەکانی کردن لە گەڵ هلێنیسم. ئەوانە لە بەرهەم هێنانی هونەری لەجێدا(وەک شایەری) زۆر شارەزا بوون. هونەرێک کە نە تەنیا پێویستی بە لە بەرکردن و دوبارەکردنەوە و لە یادداهێشتنەوەی ناوەرۆک و ئوسلوبی بەیان کردنی سونەتی هەبوو. بەڵکو پێویستی بە لێهاتوویی و شارەزایی و هەستی شاعیرانەش هەبوو تا لە کات و شوێنی پێویست دا شیعری نوێ و ناەرۆکی نوێ بهۆندرێتەوە. بەڵگەی وا بە دەستەوەیە کە نیشان دەدەن لە زەمانی هەخامەنیشیەکاندا ئەم جۆرە کەسانە قەدر و مەرتەبەیکی باڵایان هەبووە.

### شایەر و وێژەر

تاقمێکی تر لە پیشەکارانی کۆنی هیند و –ئێرانی شایەران و وێژەرانی گەرۆک(دەوەرگەرد) بوون کە بوونە هۆی ئەوەی بەشیکی بەرچاوی ئەدەبیاتی زارەکی حەماسی هیندو–ئیرانی لە ناو نەچێ و لە ئاکامدا بێتە سەر کاغەز و تا ئەمرۆ زیندوو بمێنێ. دەبێ ئەم شایەر و بوێژ و وێژەرانە کە ماونەتەوە لە کوێرا هاتبێن؟ ئەوان چینێکی زانا و ئاگا بوون، بەڵام زانست و زانینی ئەوان زارەکی بووە. کە زارەکیش وەریان گرتووە. لە بەر ئەوەی نە تەنیا هیند و ئێرانیەکان لە رۆژگارانی سەردەمی بەر لە زەردەشت لە گەڵ خەت و نووسین دا ناسیاویان نەبووە، بەڵکو تیرە و خەڵکی دەوروبەریش لە گەڵ خەت دا ئاشنایان نەبووە.

(مێژووی ئایینی زەردەشت – مری بۆیس لاپەرەی 20 وەرگێڕ بۆ فارسی صنعت زادە)

### بنەمای حەماسەکان

مالکوم کالج بۆ روونکردنەوەی دەوری ئاوازەخوانەکان لە پێکهاتنی حەماسەکانی میللی ئێران بەم ئاکامە دەگات کە لە دانیشتنەکانی ئەشرافدا ژەنیارەکان و خوشخوانان داستانگەلی حەماسیان گێراوتەوە. سەرجەمی ئەم گێرانەوە حەماسیانە هەروەک شیعرەکانی هۆمێری یۆنانی بنەماکەی پێشتر لە ناو خەڵکدا هەبووە. هەر ئەم گێرانەوانە حماسیانە بوونە بنەمای حماسەکانی شاهنامەی فردەوسی.

### رێزگرتن

کرتیوس بۆ گرینگ بوونی ئەم تاقمە لە کاتی رێ و رەسمی تەسلیم بوون بە ئەسکەندەردا ئاوا دەگێرێتەوە:

مغەکان و کەلدانیەکان لە ریزی پێشەوەی پێشوازی کەران بوون، بە شوێن ئەواندا گروپی وێژەران و گۆرانی بێژان بوون کە لە بە سەراهەڵگوتنی(پێداهەڵگوتن) شاکاندا لێهاتووی تەواویان هەبووە.

وا دەردەکەوێ کە داهات و پاداشت پێبەخشینی ئەم وێژەر و گۆرانی بێژانە، پاش زاڵ بوونی ئەسکەندەر بڕابێت. هەر رێ و رەسمێکی ئایینی کە مەقدونیەکان لە ئێرانیەکانیان وەرگرتبێ، لاینگری لە وێژەران و گۆرانی بێژان ناگرێتە خۆی. ئەو شارانەی کە یۆنانیەکانیش سازیان کردوە، ئەو شوێنە نەبوون کە دابین کەری ژیانی وێژەران و شاعیرانی بووبێت.

**پاش سلوکیەکان**

کەوایە وێژەران و شاعیران و گۆرانی بێژانی ئێرانی دەورەگەرد پاش هاتنە سەر کاری سلوکیەکان، پیشەی باب و باپیرانی خۆیان تەنیا پێشکەشی هاوولاتیانی ئێرانی خۆیان کردوە. ئەوانە رەنگە نە حەزیان کردبێ و نە بە پێویستیان زانیبێت کە هاتووچووی دەستەلاتدارە تازەکانی ولاتەکەیان بکەن.

**کارتێکردنی گشتی**

ئەو بەڵگانەی کە پاشان دەرکەوتوون ئەوە دەردەخەن کە سرودەکانی ئەمانە(وێژەران) چ مەیدانێکی بەرین و گەورەی بۆ بڵاوکردنەوە هەبووە. لە کۆمەڵگایکی پر لە زیرەکی و هەروەها موسیقا خۆشەویستی و لە عەینی کاتدا دور لە خویندن و نووسین، ئەمانە دەورێکی یەکجار گەورە و گرانیان گێراوە.

**کار و پیشە**

کار و پیشەی ئەوانە بە تەنێ بۆ رابواردن و پێک ئانینی شادی و خۆشی بۆ ماقوڵ و یا گوندنشینەکان بە شیوەیکی یەکسان نەبووە،بەڵکو لە هەر کات و شوێنێک کە رێ و رەسمێک بەرپا کرابێ ئەوانێش ئەمادە بوون.

هەموو شتێکیان دەدیت، لە مێشکیاندا رایان دەگرت و لە بیر و هۆشیاندا تۆماریان دەکرد و پاشان بە شێوەیکی هونەری دەریان دەبڕی و دەبوونە هۆی دەربڕینی هەست و بیر و ئەندیشەی گشتی.

کاتیک مەدح کەر بوون،کاتێکی تر تەنز بێژ و دەلقەک و کاتێکی تر نەقال. ئەوانە وەک مێژوو نووسێک باس لە رابەردو دەکەن یاخۆ رۆژانە روداوەکانیان لێکداوەتەوە، تەفسیر کردوە. و لەم رێگایەوە دەربڕو پێکهێنەری بیرورای گشتی بوون. هێندێک لەم شایەر و وێژەرانە گەڕۆک بوون. شیعرەکانیان بە زوویی بڵاودەبوونەوە، لەم زار بۆ ئەو زار دەگوێزرایەوە. بەم چەشنە دەبوونە هۆی بڵاوبوونەوەی هەواڵ و خەبەر.

**گێڕانەوەی شەڕ**

چەندەها قەسیدەی زۆر و زەمەند بە شێوەیەکی تراژیک و پڕ لە هەست دەربارەی شەڕەکانی "کرانیک و گوکمەل و دسیوس" و هەروەها پاش سووتاندنی "پرسپۆلیس" و دەربارەی کۆمەل کوژیەکان بە دەستی ئەسکەندەر لە شەڕەکانی رۆژهەلات دا هوندراونەتەوە. گێڕانەوەی گیان بازیەکان، لاوانەوە و سیاچەمانە خۆانی و شین گێری بۆ کوژراوەکان، ئەمانە هەمویان

بزوێنەری هەستی مەیلی ئێرانیەکان دەگێرنەوە و دەربڕی خەفەتی تێکشاکان لە حاند بێگانەدایە.

بە دڵنیاییەوە دەتوانرێ بگوترێ کە وێژەران و شایەران و گۆرانی بێژان بە ناوبانگ بوون و بە رەدەی یەکەم لە لایەن ئەمیرو گەوەرەپیاوانەوە رێزیان دەگیرا و پشتیوانیان لێدەکرا. لە مانە لە ناو ئەترۆپاتەکانی مادی بچکۆلەدا، هەرچەند سەربەخۆیی خۆیان پاراست بوو بەو حاڵە هەستی دژی مەقدونیەکان لایان بەرز بوو. "فرترکیان" بەلانی کەمەوە یەک لەوانە بوو کە نەیتوانی پێش بە هەستی دژی هلینیستی بەرانبەر بەخۆی بگرێ.(دور نیە وێژەران لە گەڵ توێژی روحانی ئێرانی بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و بەرگری کردن لە حاند بێگانەکان و بێزاری لە ئەسکەندەر چالاک بووبێتن) (ئەسکەندەر گجستە)

**وێژەرانی ئایینی**

لە هێندێک لە بەرهەمە ئەدەبیەکانی زارەکی دا، کە پێوندی بە ئیرانی باستانەوە هەیە. رێ و رەسمی ئایینی و وێژەری تارادەیەکی زۆر لە پێوندی لە گەڵ یەکتری دا بوونەتە هۆی هێزو توانا پێ بەخشین.

لە دەرەوی سلوکیەکاندا بێ گومان وێژەر و گۆرانی بێژان دەورێکی زۆریان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی پێوەندی دار بە موعجیزات و کەراماتی ئازەرگوشەسپەوە هەبووە. ئەمەش بۆتە هۆی چوونی کەسانی زۆرتر بۆ پەرستشگاکان. بە گشتی گۆرانی بێژان، شایەران و وێژەران بوونەتە هۆی بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی ئایینی، ئەوان کارەساتەکانیان دەگێرایەوە، پێش بینی روداوە سیاسیەکانیان دەکرد و باسی روخان و تێداچوونی مەقدونیەکانیان دەکرد. هەمووی ئەوانە بۆ بیسەرانی زەردەشتی دڵخۆشکەر بووە. ئەمەش بۆ وێژەران و شایەران خەڵات وەرگرتنی لە دوابوو. (ئەسکەندەر گجستە لاپەرەی 77–79)

**شاعیر**

ئەم راستیە کە تەنیا چەند شیعری شاعیرانی گەریدەی پەهلەوی زمان بەجێ ماوە نابێتە هۆی ئەوە کە پێمان وابێ لە دەرەوی سلوکیەکاندا تەنیا شاعیرانی گەریدەی فارس چالاک بوون بۆ دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی خۆیان. هەرچەند فارسەکان ئازار و چەرمەسەری زۆریان بینی و دارایی خۆیان لە دەست دا. بەڵام هەموو میللەتانی ئێران تاڵی و سوری زۆریان بینی و لە ژێر فشاری بێگانەدا بوون. شاعیران و شایەران و وێژەرانی گەریدە لە هەموو شوێنێک هەبوون و دەبیندران.

---

لە کوردستان بەیت بێژ و حەیران بێژ و دەنگ بێژ و شایەران و لە ئازەربایجان عاشقەکان بەسەرهات و سەربوردەی مێژوویی و چیرۆک و بەیت دەگێرنەوە. سەردەمی کۆنیش ئەم کارە زۆرتر لە مادی گەورە و مادی بچوک باو بووە. کەمتر لە شوێنی تر بە بەربڵاوی ئەم دوو ناوچەیە شتی وا هەیە باو بووە. هەروەها باری جوغرافی ئازەربایجان وایە کە لە نێوان رۆژهەلات و باکوری کوردستان هەڵکەوتووە، لە راستیدا ئازەربایجان لە درێژەی ئاسایی و سروشتی جوگرافیای کوردستانداهەڵکەوتووە. گۆرینی هێندێک عونسری هونەری و فەرهەنگیٔ و بیروباوەر و ئایین و زمان سەیر نیە، ئەگەر سەرنج بدریتە هێرش و داگیرکردنەکانی ئەم مەڵبەندە هەر لە سەردەمی ئەسکەندەرەو هەتا ئەمرۆ.

## هاتوچوی وێژەرو بەیت بێژ و گۆرانی بێژان

بوونی پەرستشگای ئازەرگوشەسپ لە مادی بچوک (ئازەربایجان){تیکاب لە هەوشار} دەبووە هۆی ئەوە خەڵکێکی زۆر لە مادی گەورە کە لە ژێر ركیفی سلوكیەکاندابوون بۆ زیارەت بچنە مادی بچوک. وا وێدەچێ سلوکیەکان پێشیان بە سەفەری ئاسایی و هەروەها وێژەر و بەیت بێژ و گۆرانی بێژانی گەرۆک نەگرتبێ و بەم جۆرە هاتووچووی مادی گەورەو بچوک کرابێ.

(مێژووی ئازەربایجان لاپەرەی 128)

## ڕێ و ڕەسمەکان

### ئاناهیتا و مادەکان

– دەبێ مادەکان یەکەم تیرە بووبن کە ئاناهیتایان ناسیوە و لە ساڵەکانی 800 هەتا 700ی ب.ز. یەکێک لە خواکانیان بووە.
– وا وێدەچێ کە مادەکان یەکەم ئێرانی بووبێتن کە پەرەپێدانی ئایینی ئاناهیتا کەوتبێتە ئەستۆیان، ئەم شتانەی کە لە مادەی مەفرەغ لە لورستان و هەرسین و ئەلەشتەر و خورەمئاوا دۆزراونەتەوە ئەمە دەردەخەن.

### تێکشکانی میترایسم

هەرچەند میترایسم خۆی لە بەرانبەر مەسیحیەتی هێرشكەردا كە پشتیوانی ئیمپراتوری بوو ڕاگرت، بەڵام سەرئەنجام تێکشکا. مەسیحیەکان زۆربەی دەستوراتی میترایسمیان وەرگرتوو خزاندیانە ناو ئایینی مەسیحەوە وەک بەخشش، نیاز، ڕۆژوو،ڕۆژی حەشر،حیساب و کتابی پاش مردن، دۆزەخ و بەرزەخ و هتد. هەروەها ڕێ و ڕەسمی وەک عەشای ڕەبانی، غوسلی تەعمید، بەتاڵ کردنی ڕۆژانی یەک شەمە(ڕۆژی خۆر Sunday)، زەنگوڵە لێدان، دەنگی موسیقا و هاوڕێی موسیقا لە کاتی پارانەوە(دۆعا). هەروەها ڕۆژی لە دایکبوونی میترا واتە 25 دسامبریان کردە ڕۆژی لە دایکبوونی عیسا.

(مێژووی ئازەربایجان لاپەرەی 413)

### ڕێ و ڕەسمی مێترا لای ئەهلی حەق

خاڵێکی زۆر گرینگ ئەوەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی ئێران واتە لە کوردستان و ئازەربایجان زیاتر لە هەر شوینێکی تر ئایینی میترا بەرچاوە! ڕێ و ڕەسمی لایەنگرانی ئەهلی حەق لە(دهخوارقان) ئازەرشار و مەراغە بە چەشنێکە کە هەر لێکولەرێکی زانا دەخاتە ئەم بیرەوە کە پێوەندیکی قووڵ لە نێوان میترا و ئەم ئایینەدا ببینێ. هەر لێرەوە زۆر سەیر نیە کە پەرستشگاکانی میترا لە سەدەکانی پاشتردا جێگای خۆیان دەدەنە تەکیە و خانەقا و پەرستشگاکانی ئەهلی حەق و و ئەهلی سۆفیگەری. بەم چەشنە ئەم ڕێ و ڕەسمانە هەروا پاریزراون.

(مێژووی ئازەربایجان)

**داب و نەریتی یۆنان لە ناو پارتەکاندا**

لە بەڵگەنامەکان ڕا وادەردەکەوێت کە توێژی سەرەوەی چینی دەستەڵاتدارانی کۆمەڵگای پارتەکان، لە تەک داب و نەریتی یۆنانی ئاشنا بووگن،گۆیا لە بارەگاکانی ئەشکانی و هێندێک دەرباری سەربەوان شانۆنامەکانی یۆنانی پێشکەش کراون، هەروەک چۆن کاتێک "سەری بڕاوی کراسوس کە سورنا بۆ شای ئەشکانی"ئەرد"ی ناردوە،گەیشتە ئەرمەنستان ئەو لە دەرباری شای ئەرمەنستان خەریکی بینینی شانۆنامەی "بکانت" لە نووسینی "ئورپید"||درامانووسی یۆنانی|| بووە. ئەم شانۆیە بۆ رابواردنی شای ئەشکانی لە لایەن
"ئارتاوازد" شای ئەرمەنستانەوە پیک هێندرابوو.

(ژیانی پیاوانی ناودار لاپەرەی 109/107)

**ڕێ و رەسمی دەربارەکان**

پاش مردنی داریوش جێگری ئەو بە پێی ئایین و رێ و رەسمی دەربار، لە رێ و رەسمێکدا لە پەرستشگای ئاناهیتا لە پاسارگاد دەکرێتە پاشا.

**جل و بەرگ**

لە سەردەمی هەخامەنشی دا لە رۆژئاوای ئێران(*کوردستان و شوێنی مادی بچووک)* دوو چەشنە جل و بەرگ هەبووە. یەک لەوانە جل و بەرگی پارسی–عیلامی کە باڵتەیەکی درێژ بووە.(*هەتا سەردەمی قەجەرەکان لەشی فارسەکان بەم چەشنە جل و بەرگە دادەپۆشرا*) ئەوی تر جل و بەرگی مادی بووە کە جل و بەرگی سوارکاریش بووە، کەوایەکی قۆل دار و پانتۆلێک.

**کارتێکردنی ماد لە سەر یۆنان**

ریچارد فرای دەڵی:" کارتێکردنی پاشایەتی ماد لە پێک هاتنی رێکخراو و رێ و شوێنی ئێرانیەکاندا هێندە قووڵ و بەر بلاو بووە نکۆڵی لێناکرێ." ئەو لە درێژەدا دەڵێ: یۆنانیەکان وشەی مادی Paradiseیان وەرگرتووە و بە مانای کەیف خۆشی لە باخی نەچیر و راودا کەڵکیان لێوەرگرتووە.
ئاستیاگ دوا پادشای مادەکان لە کەیف و خۆشی دا دەژیا. بۆ رابواردنی خۆی راوگەی شاهی فرەگەورە و جوانی ساز کردبوو. لەم باخەدا هەمووشت دەست دەکەوت. ئەم باخە بە ناوی باخی خواکان ناودەبردرا و بە زمانی مادی پێیان گوتووە پەردیس کە لە زمانی فارسی دا بووتە فردەوس و لە زمانی ئوروپیدا بووتەParadise.

**کارتێکردنی یۆنان لە سەر پارسەکان**

بە گفتی پلوتارک "ئەرد" پاشای ئەشکانی زمانی یۆنانی باش زانیوە و هەروەها"ئارتاواز" زمانی یۆنانی بە چەشنێک زانیوە کە خۆی چەند تراژیدی و وتار و بابەتی مێژوویی رێکخستووە کە هەتا کۆتایی سەدەی یەکی زایینی ماوەتەوە. (ژیانی پیاوانی ناودار)

**منالآنی پارس و شیعرەکانی هۆمێر**

پلوتارک دەڵێ: بەرهەمەکانی هۆمێر بە سەرزاری هەمووانەوەیە، منالآنی پارس و شوشیەکان و گەدروزیەکان تراژدیەکانی سوفوکل و ئورۆپیدیان لە بەر بە گۆرانی کوتووتەوە.

(پاش ئەسکەندەری گجستە لاپەرەی 15)

## سەما، موسیقا و شانۆ

**موسیقا**

بێ گومان ماکی سەرەکی موسیقا لە سەردەمی ساسانیەکاندا ئیرانی بووە و خەڵکانی جۆربەجۆری نیشتەجێ، لە ژێر دەستەلاتی ساسانیەکان، کەم تاکورت دەوریان لە پێکهاتنی دا هەبووە. پێشتر باسمان لە نیشانەکانی بوونی هونەری موسیقا لە ناو ماناکان و مادەکان کرد. هرۆدۆت و گزنفون باس لە بوونی موسیقای ئایینی و سەربازی لە ناو هەخامەنشیەکاندا دەکەن.

(مێژووی پەیامبەران و شاکان لاپەرەی 52–53)

**مانی پەیامبەر و موسیقا**

مانی پلە و پایەی ئاوازی بەرز دەنەخشاند و تێدەکۆشا موسیقای ئایینی لە ئایینەکەی خۆیدا پەرە پێپدا.

(مێژووی ئەدەبیاتی ریپگا لاپەرەی 94)

**مەزدەک و موسیقا**

موسیقا لای مەزدەک وەک هێزێکی دەرونی و پاککەرەوە ناسراوە. رامشگەر(سەرۆکی گشتی موسیقا) یەکێک لە چوار هاورێی رێزداری شا لە پاڵ موبەدی موبەدان، هیربودان و ئاران سپهبودندا بووە.

(شارستانیەتی ئێرانی لاپەرەی 211)

**ژنان و موسیقا**

هەڵدانەوەکانی تاق وەستان گروپگەلێکی ژنان دەنوێنی کە لە دانیشتنەکانی راو وشکاری شاهانەدا خەریکی ژەنینن. چەند پیاڵەی مسی سەردەمی ساسانێەکان دۆزراونەتەوە کە رامشگەرانی ژن و پیاو لە کاتی هونەرنومایدا نیشان دەدن. (مێژووی ئازەربایجان لاپەرەی 679–80)

ئەم هونەرمەندانە کە خەریکی هونەری ژەناندن و گۆرانی چرین و ئاوازدانان و ئاوازخویندن بووگن، زۆرتر هونەرەکەیان بۆ خەلکی ئاسایی بووە، پێش هاتووە کە رێگەیان بکەوێتە دانیشتنەکانی چینەکانی بان و بارگای شاکان و لەم رێگایەوە ناودار بن.

(مێژووی ئازەربایجان)

**سەما و گۆرانی**

پێشتر بوونی ڕواڵەتی سەماکەرێکی مانناییی بە سەر پیالەیێکەوەمان وەک بەڵگەی بوونی شیعر و موسیقا هێنایەوە و ئێستاش ڕێ وشوێنی سەماگەرێک بە ناوی "ئانگارس" لە بارگای (ئاستیاگ) دەبینین کە لە دانیشتنی ئەودا گۆرانی چڕیوە. (مێژووی خەڵکی ئێران لاپەرەی 105)

**موسیقا و عەبباسیەکان**

هونەری ئاوازخوانی لە سەردەمی عەبباسیەکاندا لە ڕێگای ئیبراهیم موسلی و کوڕەکەی ئیسحاق موسلی و کوڕی ئیسحاق حماد موسلی یەوە کامیل کراوە. موسلیەکان غولامێکیان بووە بە ناوی زەریاب(زریاب). ئەو هونەر و فەننی موسیقا لەوانەوە فێر دەبێ و شارەزایی زۆر پەیدا دەکات. موسلییەکان بەخیلی پێدەبەن و ڕەوانەی مەغرب(مەراکش)ی دەکەن. زەریاب گەیشتە بارگای ئەمیری ئەندلس و کارەکەی برەوی پەیداکرد و موسیقا لە ڕێگای زەریابەوە پێشکەوت و لەوێڕا بەرەو وڵاتەکانی تر پەرەی ساند.[1]

**یەکەم شانۆی ئایینی**

لە سەردەمی ئەردەشیری دووهەم شای هەخامەنشیدا کارەکانی ئایینی ڕواڵەتێکی نوێیان وەرگرت. لەم سەردەمەدا بە پێچەوانەی پێشوو کە ڕێ و ڕەسمی ئایینی لە دەرەوە بەڕێوە دەچوو، گەیشتە ناو پەرشتشگاکان، لە زۆر لە شارەکان پەرستشگای ئاناهیتا سازکرا. چەند لەم پەرستشگا بە ناوبانگانە، لە ساڵانی 404 ب.ز هەتا 395 بریتی بوون لە: پەرستشگا گەورەکانی هەمەدان، کەنگاوەر و نەهاوەند.

(جێژنەکانی ئێرانی دوکتور پەرویزی ڕەجەبی)

**شانۆی ئایینی لە گوندەکان**

لە کەناری چۆمی فرات، لە ڕێ و ڕەسمی تایبەتیدا پیاوێکی یەختەکراو، دەبوو پێش خەڵک بکەوێ. منداڵان و لاوان بە دەم و چاوی ڕەنگ کراوەوە وەشوێنی دەکەوتن و وێنەی ئیلاهەیان بە سواری کەر لە گەڵ خۆیان دەبرد. کاتێک دەگەیشتنە گوندێک شانۆی ئایینی یان پیشکەش دەکرد.

---

(1)زەریاب ناوێکی ئێرانیە وئێرانێەکان بە ئێرانی دادەنین. لە بارەی برایانی موسلییەوە، کاک ئەنوەر قەرەداغی لە گفت و گۆیەکیدا لە گەڵ نووسەری ئەم دێڕانەدا لە نەورۆزی ساڵی 1994(1694) لە سلێمانی، باس لەوە دەکات کە ئەم برایانە و هەروەها ئەرمەوی کە خەڵکی ورمێ ی ڕۆژهەڵات کوردستان بووە کوردن و ئەوەی پێشکەشی موسیقای نەتەوەکانی تریان کردوە لەکانگای موسیقای کوردیەوە هەڵیانئێنجاوە.

ئەوان هاوڕێ لە گەڵ نەوای نەی لە چەشنە بازنەیەکدا کۆدەبوونەوە و سەریان دەسووڕاند و هاواریان دەکرد هەتا دەکەوتنە حاڵەتی سەرەگێژە و جەزمبوون، لەم حاڵەتەدا لە خۆ بێخود دەبوون و خۆیان رەها دەدیت. ئەوانە بە شیر و شمشیر خۆیان بریندار دەکرد و خوێنی خۆیان دەرشت.

## ناوەرۆک و تێم بۆ شانۆ

پلۆتارکی یۆنـانی لـە زاری "کتنرپـاس" وە دەگێڕیتـە: لـە راپۆرتێکدا هـاتووە کـە ئـەردەشـیر و کورش دووبرا لە سەر وەرگرتنی دەسـتەڵات دەکـەونـە شـەڕەوە. لـەم شـەڕەدا دەزگیرانـی کـورش ئەسپاسیا دەکەویتە دەست ئەردەشیر. داریوش کوڕی ئـەردەشـیر دڵـی دەچێتـە دەزگێرانـی مـامی واتە ئەسپاسیا. کاتێک داریوش بۆ جێنشینی دیاری دەکرێ، بە پێی داب و نـەریت لـە دەربـاری ئیراندا، دەتوانێ داوایەک لە شا بکات. داریوش داوا لە باوکی دەکات ئەسپاسیا بدرێت بەو. شـا ئەم داوایە قەبوڵ دەکات،بەڵام دوایە لە بەر ئیرەیی بردن بە کوڕەکەی خۆی، ئەسپاسیا رەوانەی پەرستشگای هەمەدان دەکات هەتا لەوێ خزمەتی ئاناهیتا بکات و پاک و خاوێن بێتەوە. ئەوەش بڵێین ئاتوسا هەم کچ و هەم ژنی ئەردەشیری دووهەم پاشای هەخامەنشی بووا [1]

## شانۆ و فەلسەفە و ئێران

ئەگەر فەلسەفە بنەما بێت بۆ چێ بوونی شانۆ و هونەر، ئەوە بەر لـەوەی یۆنانیـەکـان برژێنـە ناو ئێرانەوە، فەلسەفەی زەردەشتی، مغان،خەسرەوانی و فەهلەوی هەبووە.

## تالاری شانۆ

دۆزراوە بەجێ ماوەکـانی تـالارێکی شـانۆی یۆنـانی و ماسکەکـانی نمـایش لـە"نـسا" پێتـەختـی ئـەشکانیەکـان لـە نزیـک شـاری عیـشق ئابـاد و هـەروەهـا پـەیداکردنی نیـشانەکـان، لـە مـەڕ پێشکەشکردنی شانۆنامەکانی یۆنانی لە سەردەمی"ئۆرۆپوس" لە شاری کۆنی "سوریا"، کە لـەو سەردەمەدا بەشێک لە ئیمپراتوری پارتەکان بووە، بەڵگەیەکی ترن بۆ سـەلمانـدنی ئـەم بـاوەڕە کە شانۆی یۆنانی لە سەردەمی ئەشکانیەکاندا برەوی هەبووە.

## تەماشاخانە

یۆنانیەکان زۆر شاری نوێ لە وڵاتی ماددا دروست دەکەن! لەم شارانەدا هەمووشت لە وانە تەماشاخانە هەبووە! (مری بۆیس)

---

(1) لێرەدا هیزی ئەوین، دەستەڵات، ئەوینی برازا و ئامۆژن، بەخیلی و ئیرەیی بردن، سزادان، دوژمنایەتی برا لە گەڵ برا،دەبیندرێ. هەمووی ئەوانە ژیانی رۆژانە و ئاسایی دەرباری شاکانی ئیران دەردەبڕێ و هەر ئەم بابەتانە بوونەتە ناوەرۆکی زۆر شانۆی یۆنانی سەردەمی کۆن و دواتریش.

## هونەری میعماری

### هونەر

"هونەری تێکەڵاوی هەخامەنشیەکان کۆکراوەیەکە لە هونەری عیلامی، ناوچۆمان(مێزۆپۆتامیا) و ئۆرارتی کە لە شاهەنشای مادەوە سەرچاوە دەگرێ"
(ریچارد ن.فرای)

### هونەرەکانی جوان لای مادەکان

هونەرەکانی جوان لە وانە هونەری پەیکەرسازی و نەقاشی لە سەردەمی شاهەنشاهی هەخامەنشیدا پەرەی ساند. م.دیاکونف باس لە کارتێکردنی هونەری پەپکەرسازی ئاشوریەکان لە سەر هونەری هەخامەنشیەکان دەکات کە لە رێگای هونەرمەندانی مادەوە ئەنجام دراوە.
( مێژووی ئێرانی باستان تا کۆتایی سەدەی هەژدە لاپەرەی 35)

### نەخشینەکانی مادی

لە بەراوەردکردنی نەخشینەکانی ناو ئەشکەوتەکانی بە جێ ماوە لە مادەکان و نەخشینەکانی بە جێ ماو لە هەخامەنشیەکان، بۆمان دەردەکەوێت کە هەیکەل و قەڵافەتی مرۆڤەکانی نەخشێندراو لە ئەشکەوتەکانی مادەکان، لە لایەنی لێهاتوویی و شارەزایی، دەربڕینی مەبەست و هاوسەنگی تەکنیکیەوە، جیاوازی زۆریان لە گەڵ نەخشینەکانی هەخامەنشیەکان نیە.
بە پێی بۆچوونی م.دیاکونف هونەری نەخشینەکانی سەردەمی هەخامەنشیەکان
درێژەی هونەری مادەکانە (م.دیاکونف)

### سەرکۆڵەکەکانی ماد

"ئەیدات پرادا" پێیوایە مادەکان دەوری سەرکیان لە گواستنەوەی هونەری ئاسیای ناوین، سکایی و ئۆرارتۆییەکان بۆ ناو هونەری سەردەمی هەخامەنشیەکان هەبووە. ئەو لە وڵامی ئەم پرسیارەدا: سەرکۆڵەکەکانی پاسارگاد و تەختی جەمشیدی هەخامەنشیەکان لە کوێوە سەری هەڵداوە؟ ئاوا دە
لێ : ڕەنگە ئەوانە لە رووی سەرکۆڵەکەکانی مادەوە ساز کرابن.

### میعماری

لە شاری "موساسیر" لە نێوان گۆلی وان و ورمێ، پەرستشگایەک هەیە کە لە پێشەوە شەش کۆڵەکەی هەیە و لە بەرد سازکراوە و میچەکەی گومبەزێکە کە لە پەرستشگاکانی یۆنانی دەچێ و جێ سەر سووڕمانە ئەوەیە، کە ئەم بینایە بەر لە پەرەگرتنی ئەم چەشنە میعماریە لە یۆنان لە ئێران سازکراوە. واوێدەچێ ئەم چەشنە میعماریە وەک زۆرشتی تر لە ئێرانەوە گەیشتبێتە یۆنان. (م.دیاکۆنۆف)

<u>**مادکوژی و مغکوژی به دەستی پارسەکان**</u>

**داریوش و مادەکان**

داریوش لە نووسراوەی بێستوندا دەنووسێ کە چۆن مامەڵەی لە تەک "فرەوەرتیش"ی مادی دا کردووە.
" فرەوەرتیش قۆل بەست کرا و هێندرایە لای من. من لوت و گوێ و زمانی ئەوم بڕی و چاوەکانیم دەرهێنا. ئەویان بە زنجیرکراوی هێشتەوە و لە دەرباری مندا رایان گرت، هەتا هەموو خەڵکی شەڕکەر و ئازا، ئەویان بە چاوی خۆیان دیت. پاشان ئەمرم کرد کە ئەو لە ئەکباتان(هەمەدان) بە سەر نێزەدا بکەن و هەموو لایەنگرانی لە قەڵای ئاکباتاندا هەڵواسن"

**کوشتاری مغەکانی ماد بە دەستی پارسەکان**

هرۆدۆت دەنووسێ:
ئەوان پاش کوشتنی "گۆماتا" و براکەی سەری هەرکیان لە لەشیان جیا کردنەوە و لە کاخ چوونە دەرێ و هاووڵاتیانی خۆیان تێگەیاند و داوای هاریکاریان لێ کردن و سەری براویان بۆ چاولێکردنی گشتی بەرز کردەوە، ئەوجا خەڵک کەوتنە کوچە و کۆڵان و گەیشتنە هەر مغێک بە خەنجەر کەوتنە گیانیان، تا وای لێهات ئەگەر رۆژ ئاوا نەبایە، مغەکانیان بنەبڕ دەکرد. ساڵ تێوەرسوڕانی ئەم روداوە لە رۆژژمێری پارسەکاندا بە خەتی سوور نووسراوە و بەم بۆنەوە جێژن دەگرن و ئەم رۆژە بە رۆژی مغکوژان ناودێرکراوە و لەم رۆژەدا هیچ مغێک لە خۆی رانابینێ لە ماڵ دەرکەوێ.[1]

**کوشتاری مغەکان**

داریوش مغ کۆژی و مادکوژی خۆی لە نووسراوە بەردینەکەدا ئاوا باس دەکات:
" دەستەڵاتێکی کە لە دەست تیرەی ئێمە دەرچووبوو، دوبارە گەرێندراوە سەر جێگای خۆی. پاشان ئەو پەرستشگایانە کە گۆماتای مغ لە تایەفەکانی ئێمەی وەرگرتبوو،گەراندمەوە بۆ خۆمان. خەڵکی پارس، مادەکان و کەسانی وڵاتەکانی ترم گەڕاندەوە سەر حاڵی پێشووی خۆیان! بەم چەشنە هەر شتێک کە تێک چووبوو گەڕایەوە بۆ وەزعی پێشوو! هەمووی ئەوانەم بە یارمەتی ئەهورامەزدا ئەنجام دا. هێندەم رەنج و پەژارە دی هەتا توانیم تیرە و تایفەی خۆم بگەرێنمەوە پلە و پایەی پێشووی! کەوایە بە یاری و گەورەیی ئەهورامەزدا من تایفەی خۆم گەڕاندەوە بۆ ئەو پلە و پایە کە پێش دەست درێژکردنەکەی گۆماتای مغ هەیبوو.
* گۆماتای مادی دژی پارسەکان هەستایە سەرپێ، بەڵام بەم شێوە کە باس کرا گیانی بەخت کرد. (ئێران باستان لاپەرە 533-34)

**مغەکان کێن؟**

**مغ ناوی یەکێک لە تایفەکانی مادبووە. ئەمانە زۆرتر خەریکی ڕێ و ڕەسمی ئایینی بوون. لە زمانی ئوروپییەکاندا ئەم وشەیە بە مانای جادوگەر و کاهن و ئەستێرەناس کەڵکی لێ وەرگیراوە. وشەکانی Magera بە یۆنانی، Magiya بە روسی و Magic بە ئینگلیسی هەر بەو مانایانەی سەرەوە لە بنەچەکی وشەی مغی مادییەوە هاتووە.**

**(1) شیعەمەزهەبەکان بە تایبەت فارس و ئازەرییەکان لە ئێران رۆژێکیان هەیە بە ناوی"عومەرکوژان". رەنگە لە بەر داگیرکردنی ئێران لە سەردەمی خەلافەتی ئەودا بووبێت، لە ئێران ئەم رۆژە لە راستیدا بۆتە کوردکوژان و بە شێوەی شانۆی تەعزیە لە تاران و قوم و هەمەدان و تەورێز بەرێوە دەچوو. لە کوردستان کەسانێک هەبوون دەچوونە شارە ترک و فارس نشینەکان و لەو رۆژەدا دەبوونە"عومەر". بەم چەشنە دوای تێهەڵدان و بێ قیمەت کردنی خۆیان پارەیان وەردەگرت. من کە ساڵی 1971–72 لە تەورێز دەژیام زۆر جار کە بە کۆڵانی ماڵی خوشکمدا تێدەپەڕیم، مندال بەردیان تێدەگرتم و ژنان کە خۆیان لە چارشێوی رەش هاڵاندبوو، بە پەلە دەرگایان دادەخست و دەیان گوت" وای دەدە ئۆمەری گیالدی"، وەی بابەگیان عومەری هات. لە مەدرەسە تەنانەت نازمی مەدرەسە و مەلای دەرسی قورعان و شەرعیات کوردیان بە عومەری ناو دەبرد کە بۆ من مانای بێگانەی لە چاوی ئەوانەوە دەدا. من لام وایە مغکوژانی سەردەمی هەخامەنشیەکان و عومەرکوژانی پاش هاتنی ئیسلام لە یەک سەرچاوەی فکرییەوە سەریان هەڵداوە. لە پاش هاتنی ئیسلام گۆماتا بووتە عومەر،ماد و مغ بوونەتە کورد و پارس بووتە فارس و داب و نەریتەکە بە پێی زەمان و سەردەم گونجێندراوە.**